# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣١٨) ساڵی بیست وچوار ١٥ نیسان ٢٠٢٤زایینیی ٢٦ خاکەلێوە ٢٧٢٤ کوردی ٦ شەوال ١٤٤٥ کۆچی

318



**بڕیاری ژمارە (٢٤٠)ی ساڵی ٢٠٢٤ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ١

هەموارکردنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٩)ی ساڵی ٢٠١٧ تایبەت بە ڕسومات و کرێ و تێچووی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

**بڕیاری ژمارە (٢٤٣)ی ساڵی ٢٠٢٤ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ٤

کەمکردنەوەی ڕەسمی گومرگی لەسەر ئاژەڵی زیندووی هاوردەکراو

**بڕیاری ژمارە (٢٤٤)ی ساڵی ٢٠٢٤ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ٥

لێخۆشبوون لە سزای دواکەوتنی کەڵەکەبوو لەسەر خاوەنکاران تایبەت بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی

**بڕیاری ژمارە (٢٤٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ٦

تایبەت بە لێخۆشبوونی باج بۆ باجدەران لە چین و توێژەکانی کاسبکاران و پیشەوەران

**بڕیاری ژمارە (٢٤٦)ی ساڵی ٢٠٢٤ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ٧

داشکاندنی ڕێژەی (٢٠%) لە بڕی پارەی کرێی بەشدارانی کارەبای کەڵەکەبوو

**بڕیاری ژمارە (٢٤٧)ی ساڵی ٢٠٢٤ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ٨

لێخۆشبوونی ڕێژەی (٢٠%) لە قەرزە کەڵەکەبووەکانی سەر هاووڵاتییان بە سوودی دواکەوتنەوە لە کرێی ئاو و خۆڵ و خاشاک و ڕسوماتی هەڵواسینی تابلۆ وکرێی ساڵانەی کرێچییەکانی وەزارەتی شارەوانی

**بڕیاری ژمارە (٢٤٨)ی ساڵی ٢٠٢٤ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ٩

لێخۆشبوونی ڕێژەی (٢٠%) لە سزای سەرپێچی هاتووچۆ لەسەر هاووڵاتییان

**بڕیاری ژمارە (٢٤٩)ی ساڵی ٢٠٢٤ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ١٠

داشکاندنی ڕێژەی (٢٠%) کرێی خوێندنی پاراڵیل و ئێواران لە سەرجەم زانکۆ و پەیمانگا

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ١١

ڕێنمایی ماڵی (ئارام) بۆ چاودێری کردنی کەسانی پەککەوتەی توند (بەخشراو)

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ١٢

ڕێنمایی هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢٤کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی** ل ١٥

ڕێنمایی خۆتەرخانکردنی زانستی

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٤ ئەنجومەنی دادوەری** ل ١٩

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٠



ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣١٨) السنة رابعة وعشرون ١٥ نيسان ٢٠٢٤ م. ١٧ خاكەلێوە ٢٧٢٤ ك. ٢٦ شوال ١٤٤٥ هـ.

318

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice


فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| قرار رقم (٢٤٠) لسنة ٢٠٢٤ رئاسة مجلس الوزراء | ١ |
| قرار رقم (٢٤٣) لسنة ٢٠٢٤ رئاسة مجلس الوزراء | ٤ |
| قرار رقم (٢٤٤) لسنة ٢٠٢٤ رئاسة مجلس الوزراء | ٥ |
| قرار رقم (٢٤٥) لسنة ٢٠٢٤ رئاسة مجلس الوزراء | ٦ |
| قرار رقم (٢٤٦) لسنة ٢٠٢٤ رئاسة مجلس الوزراء | ٧ |
| قرار رقم (٢٤٧) لسنة ٢٠٢٤ رئاسة مجلس الوزراء | ٨ |
| قرار رقم (٢٤٨) لسنة ٢٠٢٤ رئاسة مجلس الوزراء | ٩ |
| قرار رقم (٢٤٩) لسنة ٢٠٢٤ رئاسة مجلس الوزراء | ١٠ |
| تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ١١ |
| تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠٢٤ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ١٤ |
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٤ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي | ١٥ |
| قرار لسنة ٢٠٢٤ مجلس القضاء | ١٩ |
| بيان رقم (٤) لسنة ٢٠٢٤ وزاره الداخلية | ٢٠ |



No. 318 Date: April 15, 2024 - Vol.: 24



چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ٣٤٤٦ لە ٢٠٢٤/٣/١٢**

**بڕیاری**

**ژمارە (٢٤٠)ی ساڵی ٢٠٢٤**

دوابەدوای بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٤) لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٧٧) لە ٢٠٢٢/٣/٩، و ئاماژە بە ماددەی (٢٠٩) لە یاسای کۆمپانیاکانی عێراقی فیدراڵ ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو و بەرکار لە هەرێمی کوردستان بە یاسای ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠٠٧، و لەسەر پێشنیاری لیژنەی وەزاریی پێکهاتوو بە بڕیاری ئەنجومەنی ئابووری ژمارە (٣) لە ٢٠٢٠/١/٢٧ بە سەرپەرشتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٦) لە ٢٠٢٤/٢/٢١، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١- هەموارکردنەوەی هەردوو خشتەی هاوپێچی بڕیاری پێشووی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٩) لە ٢٠١٧/١١/٢٠ تایبەت بە دەستنیشانکردنی ڕسوومات و کرێ و تێچووی تایبەت بە تۆمارکردنی کۆمپانیاکان وەک لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە کە وێنەیەکی هەردوو خشتەی هەموارکراو هاوپێچی ئەم بڕیارەیە:

| ژمارەی خشتە | ناوی خشتە | ژمارەی بڕگە (دەستپێک و کۆتایی) |
|---|---|---|
| خشتەی ژمارە (١) | خشتەی ڕسوماتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان | لە (١٦) بڕگە پێکهاتووە. بە بڕگەی [تۆمارکردنی کۆمپانیا خۆماڵییەکان جگە لە کۆمپانیای هاوپشک (الشركة المساهمة)] دەست پێ دەکات و بە بڕگەی [ڕاستاندنی تۆماری پێشکە شکراو] کۆتایی دێت. |
| خشتەی ژمارە (٢) | خشتەی کرێی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان | لە (١٤) بڕگە پێکهاتووە. بە بڕگەی [وردبینیکردنی بەڵگەنامەکان و گرێبەستی سەرجەم کۆمپانیاکان (خۆماڵی و بیانی) لە کاتی تۆمارکردن] دەست پێ دەکات و بە بڕگەی [داواکاریی کۆپیکردنی هەر لاپەڕەیەک لە بەڵگەنامەکانی کۆمپانیا] کۆتایی دێت. |

٢- ئەم بڕیارە لە دوای تێپەڕبوونی (١٥) ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٣- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و کار بە هیچ بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکی تر ناکرێت کە دژ بە بڕگەکانی ئەم بڕیارە بێت.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**خشتەی ژمارە (١)**

**خشتەی ڕسوماتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق**

| زنجیرە | جۆری ڕەسم | بری ڕەسم | |
|---|---|---|---|
| ١ | تۆمارکردنی کۆمپانیا خۆماڵییەکان جگە لە کۆمپانیای هاوپشک (الشركة المساهمة) | ٢٠،٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ٢ | تۆمارکردنی کۆمپانیای هاوپشک (الشركة المساهمة) | ٣٠٠،٠٠٠ | سێ سەد هەزار دینار |
| ٣ | مۆڵەتی تۆمارکردن بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە سەرمایەکەیان لە بڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار و کەمترە | ٢،٥٠٠ | دوو هەزار و پێنج سەد دینار بۆ هەر ملیۆنێک دینار |
| ٤ | مۆڵەتی تۆمارکردن بۆ ئەو کۆمپانیایانەی کە سەرمایەکە یان لە بڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار زیاترە | ٣،٥٠٠ | سێ هەزار و پێنج سەد دینار بۆ هەر ملیۆنێک دینار |
| ٥ | کردنەوەی لقی کۆمپانیای بیانی | ٢٠٠،٠٠٠ | دوو سەد هەزار دینار |
| ٦ | دەرکردنی بڕیاری گۆڕینی موڵکایەتی لە ماوەی ساڵی یەکەمی دامەزراندنی کۆمپانیا | ١،٠٠٠،٠٠٠ | یەک ملیۆن دینار |
| ٧ | دەرکردنی بڕیاری گۆڕینی موڵکایەتی لە دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر دامەزراندنی کۆمپانیا | ١٠٠،٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ٨ | دەرکردنی بڕیاری هەموارکردنی کۆمپانیا لە (ناو – جۆر – سەرمایە – بارەگا – چالاکی) | ٥٠،٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٩ | دەرکردنی بڕیاری پاکتاوکردن | ٢٠،٠٠٠ | بیست هەزار دینار |
| ١٠ | زیادکردنی سەرمایەی کۆمپانیا بۆ هەر یەک ملیۆن دینار | ٤،٥٠٠ | چوار هەزار و پێنج سەد دینار |
| ١١ | تۆمارکردنی بریکارنامەی بازرگانی | ٥٠٠،٠٠٠ | پێنج سەد هەزار دینار |
| ١٢ | دەرکردنی مۆڵەتی بریکارنامەی بازرگانی | ٥٠٠،٠٠٠ | پێنج سەد هەزار دینار |
| ١٣ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی بریکارنامەی بازرگانی | ٥٠٠،٠٠٠ | پێنج سەد هەزار دینار |
| ١٤ | پشکنینی (کشف)ی تۆماری عوملات | ١٠،٠٠٠ | دە هەزار دینار |
| ١٥ | داخستنی پەڕاوی عوملات | ٢٥،٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ١٦ | ڕاستاندنی تۆماری پێشکەشکراو | ٢٥،٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |

**خشتەی ژمارە (٢)**

**خشتەی کرێی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق**

| زنجیرە | جۆری کرێ | بڕی کرێ | |
|---|---|---|---|
| ١ | وردبینیکردنی بەڵگەنامەکان و گرێبەستی سەرجەم کۆمپانیاکان (خۆماڵی و بیانی) لە کاتی تۆمارکردن | ٥،٠٠٠ | پێنج هەزار دینار |
| ٢ | وردبینیکردنی بەڵگەنامەکان و گرێبەستی سەرجەم کۆمپانیاکان (خۆماڵی و بیانی) دوای تۆمارکردن | ٥٠،٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٣ | وردبینی ژمێرەی کۆتایی ساڵانەی کۆمپانیاکان | ٥٠،٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٤ | بڵاوکردنەوەی بڕیارەکان ، داوەتنامە | ١٠،٠٠٠ | دە هەزار دینار |
| ٥ | دیراسەتکردنی گرێبەستی دامەزراندنی کۆمپانیای هاوپشک و لێکۆڵینەوەی کەلکی ئابووری | ٢٠٠،٠٠٠ | دوو سەد هەزار دینار |
| ٦ | پشکنینی بارەگای کۆمپانیا لەناو شارەکان | ١٠،٠٠٠ | دە هەزار دینار |
| ٧ | پشکنینی بارەگای کۆمپانیا لە دەرەوەی شارەکان | ٢٥،٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ٨ | ڕاوێژی تایبەت بە تۆماری کۆمپانیاکان و پاکتاوکردن و هەمووارکردن و ...هتد | ٥٠،٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٩ | پەسەندکردنی گرێبەست و بەڵگەنامەکان | ٢٥،٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ١٠ | مامەڵەی دامەزراندنی بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا | ٢٥،٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ١١ | داواکاری پشتگیری | ٢٥،٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ١٢ | ئامادەبوونی نوێنەری تۆمارکار لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتی کۆمپانیا | ٢٥،٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ١٣ | ئەنجامدانی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لە باڵەخانەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان | ٢٥،٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ١٤ | داوا کاری کۆپیکردنی هەر لاپەڕەیەک لە بەڵگە نامە کانی کۆمپانیا | ٥٠٠ | پێنج سەد دینار |

سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە: ٤٦٤٧ لە ٢٠٢٤/٤/٧

**بڕیاری**
**ژمارە (٢٤٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پشتبەست بە حوكمەكانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و ئاماژە بە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧، ئەنجومەنی وەزیران بە كۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١- كەمكردنەوەی ڕەسمی گومرگی لەسەر ئاژەڵی زیندووی هاوردەكراو بۆ مەبەستەكانی سەربڕین و بەخێوكردن بە ڕێژەی (٥٠%) لەسەدا پەنجا لە ڕەسمی ئێستا و پێویستە لە دوای یەک ساڵ پێداچوونەوەی بۆ بكرێت.
٢- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەكان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەكەن لە ڕۆژی گشتاندنی بڕیارەكە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری.
٣- ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) بڵاو دەكرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە: ٤٦٤٨ لە ٢٠٢٤/٤/٧**

**بڕیاری**

**ژمارە (٢٤٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧، و لەسەر پێشنیاری وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١- لێخۆشبوون لە تەواوی سەدا سەدی سزای دواکەوتنی کەڵەکەبوو لەسەر خاوەنکاران تایبەت بە (بەشداری دەستەبەری کۆمەڵایەتی) بە مەرجێک لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژی کار لە بەرواری بەرکاربوونی ئەم بڕیارەوە تەواوی سەدا سەدی بڕی پارەی بەشداری دەستەبەری کۆمەڵایەتییەکە بدەن.

٢- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی گشتاندنی بڕیارەکە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە.

٣- ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٤٦٤٩ لە ٢٠٢٤/٤/٧**

**بڕیاری**
**ژمارە (٢٤٥)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١- پێشکەشکردنی کارئاسانی پێویست لە چوارچێوەی یاساکانی باج بۆ باجدەران لە چین و توێژەکانی کاسبکاران و پیشەوەران بەتایبەتیش پێداچوونەوەی دەسەڵاتی دارایی (السلطة المالیة) بە ڕێژەی خەمڵاندنی باجی پیشەکان و کاری کاسبکاران کە خاوەن یەک سەرچاوەی داهاتی سنووردارن و بژێویی ژیانی خێزانییان لەسەر ئەم کارەیە، ئەویش بە ئاڕاستەی بارسووکی لە پێدانی باج بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی ناهەمواری دارایی ئێستا لە هەرێمی کوردستان.

٢- لێخۆشبوون لە تەواوی سوود و سزای دواکەوتنی پێدانی باج و کرێی ساڵانەی موڵکەکانی میریی کە دەکەوێتە ئەستۆی هاووڵاتییان.

٣- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی گشتاندنی بڕیارەکە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە تاوەکو ئاساییبوونەوەی بارودۆخی ناهەمواری دارایی ئێستا لە هەرێمی کوردستان.

٤- ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٤٦٥٠ لە ٢٠٢٤/٤/٧**

**بڕیاری**
**ژمارە (٢٤٦)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١- داشکاندنی ڕێژەی (٢٠%) لە سەدا بیست لە بڕی پارەی کرێی بە شدارانی کارەبای کەڵەکەبوو لە سەر هاووڵاتییان تاوەکو ئاساییبوونەوەی بارودۆخی ناهەمواری دارایی ئێستا لە هەرێمی کوردستان.

٢- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی گشتاندنی بڕیارەکە لەلایەن وەزارەتی کارەبا.

٣- ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە: ٤٦٥١ لە ٢٠٢٤/٤/٧

## بڕیاری
## ژمارە (٢٤٧)ی ساڵی ٢٠٢٤

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١- لێخۆشبوون لە قەرزە کەڵەکەبووەکانی سەر هاووڵاتییان بە سوودی دواکەوتنەوە بە ڕێژەی (٢٠%) لە سەدا بیست لە کرێی ئاو و خۆڵ و خاشاک و کرێی ساڵانەی کرێچییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، هەروەها ڕسووماتی پیشەیی و هەڵواسینی تابلۆ و لەگەڵ هەموو ڕسووماتەکانی گەشتوگوزار تا ئاساییبوونەوەی بارودۆخی ناهەمواری دارایی ئێستا لە هەرێمی کوردستان.

٢- داشکاندنی ڕێژەی (٢٠%) لەسەدا بیست لە کرێی ئاو و خۆڵ و خاشاک و کرێی ساڵانەی کرێچییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، هەروەها ڕسووماتی پیشەیی و هەڵواسینی تابلۆ و لەگەڵ هەموو ڕسووماتەکانی گەشتوگوزار تا ئاساییبوونەوەی بارودۆخی ناهەمواری دارایی ئێستا لە هەرێمی کوردستان.

٣- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی گشتاندنی بڕیارەکە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

٤- ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٤٦٥٢ لە ٢٠٢٤/٤/٧**

**بڕیاری**
**ژمارە (٢٤٨)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١- لێخۆشبوون لە سزای سەرپێچیی هاتووچۆ لەسەر هاووڵاتییان بە ڕێژەی (٢٠%) لەسەدا بیستی سزاکانی کۆن و بەردەوام لە دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە تا ڕۆژی ٢٠٢٤/٩/٣٠.

٢- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی گشتاندنی بڕیارەکە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ.

٣- ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ٤٦٥٣ لە ٢٠٢٤/٤/٧**

**بڕیاری**
**ژمارە (٢٤٩)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧، و لەسەر پێشنیاری وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١- داشکاندنی ڕێژەی (٢٠%) لەسەدا بیستی کرێی خوێندنی پاراڵێل و ئێواران لە سەرجەم زانکۆ و پەیمانگا و دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەرباری ئەو ڕێژەی داشکاندنانەی پێشتر کە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییەوە بڕیاریان لەسەردراوە.

٢- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی گشتاندنی بڕیارەکە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

٣- ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە: ١٨٢٧ لە ٢٠٢٤/٣/١٢**

پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (٤٥/بڕگەی سێیەم) لە یاسای چاودێری کۆمەلایەتی ژمارە(١٢٦)ی ساڵی ١٩٨٠ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (١٠٥/بڕگەی دووەم) لە یاسای ئاماژەپێکراو و ماددەی (حەوتەم / بڕگەی سێیەم) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠٢٤**
**ماڵی (ئارام) بۆ چاودێری کردنی کەسانی پەککەوتەی توند (بەخشراو)**

**ماددەی (١):**

مەبەست لەو زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: حکومەت:** حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق.

**سێیەم: وەزارەت :** وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم .

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان .

**پێنجەم:بەڕێوەبەرایەتی:** بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ئیدارە سەربەخۆکانی (سۆران ، زاخۆ ، ڕاپەرین) .

**شەشەم: ماڵی ئارام:** ماڵێکە بۆ چاودێریکردنی کەسانی پەککەوتەی توند ونەخۆشانی درێژخایەنی دەروونی کە بە بەخشراو ناوزەند دەکرێن ، کە بەشێوەی (٢٤) کاتژمێری خزمەت بەو بەخشراوانە دەکات

کە بێلانن و ناتوانن بە کاری ڕۆژانەی خۆیان هەستن یان ئەوانەی کە خێزانەکانیان ناتوانن چاودێریان بکەن بە هەر هۆکارێك بێت .

**حەوتەم: بەخشراو (سوودمەند) :-** ئەو کەسەیە کە گرفتارە بە نەخۆشیەکی سەختی درێژخایەن وەیان بەهۆی نەخۆشیە دەروونیەکان وەك ( شیزۆفرینیا ، دووجەمسەری **(Manic episode)** ، خەمۆکی دێوانەیی ... هتد ) گرفتارە و ناتوانێت پێداویستی ڕۆژانەی خۆی دابین بکات و بۆتە بارگرانی بەسەر خێزانەکەی وکۆمەڵگا .

**ماددەی (٢):**

**مەرجەکانی سوودمەندبوون**

**یەکەم:** دانیشتوی هەرێمی کوردستان بێت .

**دووەم:** تەمەنی لە (١٨) ساڵ زیاتر بێت .

**سێیەم:** لە ڕەگەزی ( نێر ) بێت .

**چوارەم:** بێلانە و بە شێوەی بەردەوام لە سەر شەقام و شوێنەگشتیەکان ژیان بگوزەرێنێت.

**پێنجەم:** ئەوکاتەی کە بۆتە بارگرانیەکی زۆر لەسەر خێزانەکەی و ناتوانن ئیدارەیان بدەن بەهۆکاری هەژاری و بێشوێنییان ، بوونەتە مەترسی لەسەر ژیانی ئەندامانی خێزانەکانیان .

**ماددەی (٣):**

**بەخشراوەکە ڕەوانەی ئەمماڵی ئارام دەکرێت لە ڕێگای :**

**یەکەم:** ماڵی بەساڵاچوان وەیان پۆلیس و دادگاکانەوە.

**دووەم:** داواکاری خێزانەکەی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەیان بەرێوەبەرایەتی .

**سێیەم:** پێشتر ڕەوانەی نەخۆشخانەی تایبەت بە حاڵەتە دەروونیەکان کرابێت و چارەسەری وەرگرتبێت بۆ ماوەیەك و لیژنەی پزیشکی دەروونی بەرایی هەبێت.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** لیژنەیەکی تایبەت لەتوێژەرێکی دەروونی وکۆمەلایەتی و یاسایی پێکدەهێندرێت لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی وەیان بەڕێوەبەرایەتی بۆ وەرگرتن ودابرانی سوودمەندان ، بۆ ئامادەکردنی راپۆرت دەربارەی بەخشراوەکە دوای بەدواداچوون و سەردانیکردن.

**دووەم:** وەرگرتن و دابڕانی سوودمەند لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی دەبێت بە پشت بەستن بە ڕاپۆرتی پزیشکی و راپۆرتی لیژنەی ئاماژەپێکراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە .

**سێیەم:** ئەو سوودمەندانەی کەس وکاریان هەیە پێویستە بەڵێننامە لە کەسوکاریان وەربگیرێت ، لە کاتی بەرو باشتر چوون و نەبوونی مەترسی لە سەر ژیانی ئەندامانی خێزانەکانیان وەریان بگرنەوە و ڕێگە نەدەن بکەونە سەرشەقام و شوێنە گشتیەکان .

**ماددەی (٥): ستافی ماڵەکە:**

**یەکەم: بەڕێوەبەر:** توێژەرێکی دەروونی وەیان کۆمەڵایەتی کە ئەزموونی کەمتر نەبێت لە (٥) پێنج ساڵ لە بواری دەروونی وەیان کۆمەڵایەتی، ئەرکی بەرێوەبردن ورێکخستنی کارو بەرنامەکانی ماڵەکەیە.

**دووەم: یاریدەدەری بەڕێوەبەر :** دوو یاریدەر هاوکاری بەرێوەبەر دەکەن لە کارەکانی ، دەرچووی یەکی لە بەشەکانی دەروونی ، کاری کۆمەڵایەتی وەیان مرۆیی بن .

**سێیەم: یاسایی :** دەرچووی کۆلێژی یاسا بێت.

**چوارەم: یاریدەدەری پزیشـــکی :** دەرچووی یەکی لە فێرگاکانی پزیشـــکی بێت وئەزموونی زیاتر لە (٣) ساڵی هەبێت لەم بوارە .

**پێنجەم:** ژمارەیەك لە فەرمانبەری کارگێری و خزمەتگوزاری هاوکاردەبن لە چاودێریکردن وخزمەتکردنی ماڵەکە.

**ماددەی (٦):**

بەڕێوەبەرایەتی گشـتی و بەڕێوەبەرایەتی ئەرکی دابین کردنی پێداویسـتیەکانی ژیانکردنی ڕۆژانەی ماڵەکان دەگرێتەبەر وەك خۆراك وجل و بەرگ و پاکەرەوەکان وسەرجەم پێداویستیەکانیان .

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** سوودمەندانی ئەم ماڵە تەنها لە ڕەگەزی نێر دەبێت.

**دووەم:** چاودێری وخزمەتگوزاری لەم ماڵە ڕۆژانەیە و (٢٤) بیست وچوار کاتژمێر بەردەوامە .

**ماددەی (٨):**

ئەم ماڵە بەپێی بەرنامەو پێداویستی سوودمەندان ڕێکدەخرێت ولە دوو یەکەی سەرەکی پێك دێت :

**یەکەم:** یەکەی فریاگوزاری و چارەسەر وڕێنوێنی و ڕاهێنانەوە .

**دووەم:** یەکەی مانەوەو پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری (٢٤) کاتژمێری .

**ماددەی (٩):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردســـتان) بڵاودەکرێتەوە .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٢٨٨ لە ٢٠٢٤/٣/٢٨**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (١٥٢)ی یاسای کار ژمارە (٧١) ی ساڵی ( ١٩٨٧ ) ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٢٠) لە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤ وبەم شێوەیە دەخوێندرێت:

( ئەم ڕێنماییە (٩٠) نەوەت ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەچێتە بواری جێبەجێ کردن ).

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە: ٥٠١٧ لە ٢٠٢٤/٣/١٠**

پاڵپشت بە بڕگەی (چوارەم) لە ماددەی (نۆیەم) لە یاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو و ماددەی (پەنجایەم) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٤**
**ڕێنمایی خۆتەرخانکردنی زانستی**

**ماددەی (١):**
خۆتەرخانکردنی زانستی بریتیە لە وەرگرتنی مۆڵەتی خۆتەرخانکردنی زانستی بەمەبەستی بەرزکردنەوە و فراوانکردنی تواناى زانستی و ئەکادیمی تایبەت بە بواری خوێندنی باڵا و خزمەتی زانکۆیی لە چوارچێوەی پۆست دکتۆرا (Post- Doctorate) و ساباتیکەڵ لیڤ (Sabbatical Leave)، بە بەپێی ئەو مەرج و پێداویستییانەی لەم ڕێنماییەدا هاتووە.

**ماددەی (٢):**
پۆست دکتۆرا (Post- Doctorate): بریتیە لە ماوەی خۆتەرخانکردنی زانکۆیی بۆ توێژینەوە و وانە ووتنەوەی دوای دکتۆرا کە مەرجدارە بە گرێبەستی کار لەگەڵ لایەنی میواندار لە دەرەوەی وولات.

**ماددەی (٣):**
**مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی پۆست دکتۆرا بریتیە لەمانەی خوارەوە:**

**یەکەم:** داواکار پێویستە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بێت.

**دووەم:** تەنها هەڵگری نازناوی زانستی (مامۆستا) بێت و نابێت پێنج ساڵ تێپەر بووبێت لەسەر بڕوانامەکەی.

**سێیەم:** پێویستە پێشکەشکار قبوڵی بێ مەرج لە زانکۆیەکی باوەڕپێکراو لەلایەن وەزارەت بەدەستبێنێت، ماوەی کۆرسی زمان لە خۆناگرێت و هیچ ماوەیەکی بۆ فێربوونی زمان پێ نادرێت.

**چوارەم:** داواکار پێویستە پرۆپۆزەڵی هەبێت، و لە لایەن لیژنەی زانستی بەش لە زانکۆی خۆی پەسەند بکرێت.

**پێنجەم:** لانی کەم توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەی لە گۆڤارێکی زانستی باوەڕپێکراو هەبێت.

**شەشەم:** دوو ساڵ خزمەتی کردەکی دوای بەدەستهێنان و دەستبەکاربوونەوە و یەکسانکردنی دکتۆراکەی هەبێت.

**حەوتەم:** لاری نەبوونی بەشی لە زانکۆی خۆی هەبێت کە مۆڵەتەکەی کارناکاتە سەر کاری بەشەکەی.

**ماددەی (٤):**

مۆڵەتی پۆست دکتۆرا تەنها بۆ (١)یەک ساڵ دەبێت.

**ماددەی (٥):**

خۆتەرخانکردنی زانستی پۆست دکتۆرا تەنها بۆ یەکجار دەدرێت.

**ماددەی (٦):**

**ئەرکەکانی پۆست دکتۆرا بریتیە لەمانەی خوارەوە:**

**یەکەم:** پێویستە لە ماوەی خۆتەرخانکردنی زانستی، توێژەر ئامادەکاری بۆ بڵاوکردنەوەی توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجام بدات لە گۆڤارێکی زانستی باوەڕپێکراو لە ماوەی ساڵێک تێپەرنەکات،بۆ بەشە زانستیەکان لەگۆڤارێکی(Clarivate Analytics Indexed Journals (Q١, Q٢ و بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان لە گۆڤارێکی (Scopus Indexed Journals (Q١ , Q٢ , Q٣ . پێویستە ئەفیلەیشنی زانکۆی دایکی لەسەر بێت.

**دووەم:** پێویستە داواکار هەر (٣) سێ مانگ جارێک نامەی (Progression Letter) پێشکەش دەکات.

**سێیەم:** پێویستە داواکار دوو سیمینار پێشکەش بکات لەگەڵ رێکخستنی خولی ڕاهینان بۆ هاوەڵانی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو کارامەیانەی بەدەستی هێناوە.

**ماددەی (٧):**

ئەو توێژینەوەی کە لە کاتی پۆست دکتۆرا ئەنجام دەدرێت دەتوانرێ بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی سوودی لێ وەربگیرێت.

**ماددەی (٨):**

ساباتیکەڵ لیڤ (Sabbatical Leave): بریتیە لەو ماوەی کە دەدرێ بە مامۆستایانی زانکۆ بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە، دانان و وەرگێرانی پەرتووکی زانستی، پەرەپێدانی توانا ولێهاتوویی زانستی و ئەکادیمی لە دەرەوە یان ناوەوەی وولات بۆ ماوەی وەرزێکی خوێندن یان ساڵێکی ئەکادیمی.

**ماددەی (٩):**

**مەرجەکانی ساباتیکەڵ لیڤ بریتیە لەمانەی خوارەوە:**

**یەکەم:** هەڵگری نازناوی زانستی لە (مامۆستا) کەمتر نەبێت.

**دووەم:** هەڵگرانی نازناوی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر یاخود پرۆفیسۆر، مافی وەرگرتنی مۆڵەتی خۆتەرخانکردنی زانستی ساباتیکەڵ لیڤ (Sabbatical Leave)یان هەیە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە.

**سـێیەم:** پێویسـتە قبوڵ لە زانکۆ یان دەزگایەکی زانسـتی باوەڕپێکراو بەدەسـتبێنێ، وە لە نووسـراوی قبوڵەکە پێویســتە مەبەســتەکە دیاری کرابێت، ئەگەر مەبەســتەکە توێژینەوەی زانســتی بوو، پێویستە لە کۆتایی توێژنەوەیەک بڵاوبکاتەوە, و ئەگەر ڕاهێنان بوو پێویستە ئامانجی ڕاهێنانەکە دیاری کرابێت. ئەگەر هۆکاری وەرگرتن ,وەرگێرانی پەرتووکی زانستی بوو یان سەرچاوەی زانستی بوو , دەبێت لە کۆتایی ماوەی تەرخان کراو ئامانجەکە بەدەست هاتبێ و لە کۆتاییدا سیمینارێک پێشکەش بکات.

**چوارەم:** پێویســتە نـاوەڕۆکی نـامەی وەرگرتن(قبول) لەلایەن لیژنەی زانســتی بەش لە زانکۆی خۆی پەسەند کرابێت.

**پێنجەم:** پێویستە لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری سەرکەوتوو بووبێت وبڕوانامەی (٢) دوو ساڵ هەبێت.

**شـەشـەم:** لاری نەبوونی بەشـی خۆی هەبێت لەو زانکۆیەی کە خزمەت دەکات کە مۆڵەتەکەی کارنەکاتە سەر کاری بەشەکەی.

**حەوتەم:** دوو ســاڵ خزمەتی کردەکی دوای بەدەســتهێنان و دەســتبەکاربوونەوە و یەکســانکردنی بروانامەکەی هەبێت.

**ماددەی (١٠):**

ساباتیکەڵ لیڤ پێنج ساڵ جارێک دەدرێت.

**ماددەی (١١):**

ساباتیکەڵ لیڤ، درێژکردنەوە لە خۆناگرێت.

**ماددەی (١٢):**

گشت مەرجەکانی Sabbatical Leave لە سەر مۆڵەتی Fellowship جێبەجێ دەکرێت لە چوارچێوەی پەرەپێدانی زانستی.

**ماددەی (١٣):**

حوکمە گشتیەکان.

**یەکەم:** تـایبەت بە هەردوو جۆری خۆتەرخـانکردنی زانســتی ( Post - Doctorate )و ( Sabbatical Leave): نێردراو گشـــت مووچە و دەرمـاڵە جێگیرەکـان و خۆتەرخـانکردنی زانکۆیی بۆ خەرج دەکرێت.

**دووەم:** مۆڵەتی خۆتەرخانکردنی زانستی، مۆڵەتی هاوەڵی هاوسەر لەخۆ ناگرێت.

**سـێیەم:** هەردوو خۆتەرخانکردنی زانســتی پۆســت دکتۆرا و ســاباتیکەڵ لیڤ دەســتەبەری داراییان لێوەردەگیرێت کە بڕەکەی کەمتر نەبێت لەو مووچە و دەرماڵانەی کە وەریدەگرێت لە ماوەی خوتەرخانکردندا.

**چوارەم:** هەرکاتێک مۆڵەتدراوی خۆتەرخانکردنی زانسـتی سـەرکەوتوو نەبوو لەو پابەندییانەی لەم ڕێنماییەدا هاتووە، ئەوا گشـت ئەو شـایسـتە داراییانەی وەریگرتووە لێی وەردەگرێتەوە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.

**پێنجەم:** ئەوانەی مۆڵەتی خۆتەرخانکردنی زانستی پۆست دکتۆرایان وەرگرتووە، دوای دوو ساڵ مافی داواکاری خۆتەرخانکرنی زانستی ساباتیکەڵ لیڤیان هەیە بەو مەرجەی ئەرکەکانیان جێبەجێکردبێ لە شوێنی کارکردنی خۆیان.

**شـەشـەم:** مۆڵەتی خۆتەرخانکردنی زانسـتی، مامۆسـتایانی ناو دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و دەستە و دامودەزگاکانی دیکەی سەر بە وەزارەت دەگرێتەوە، پاڵپشت بە بڕگەی (یەکەم) و (سێیەم) لە ماددەی (١) ، و بڕگەی (دووەم) و (سێیەم) لە ماددەی (٢) لە یاسای راژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣) ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو. حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە فەرمانبەرانی پلە باڵا و پلە تایبەت ناگرێتەوە.

**ماددەی (١٤):**

کار بەهیچ ڕێنمایی و بڕیارێک ناکرێت، کە ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٥):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆکارەکانی دەرچواندنی ئەم ڕێنماییە**

بەمەبەسـتی گرنگیدان بە توێژینەوەی زانسـتی و پەرەپێدانی توانا زانسـتی و ئەکادیمییەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردسـتان، هەروەها بۆ ڕێکخسـتن و ڕوونکردنەوەی خۆتەرخانکردنی زانسـتی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان، ئەم ڕێنماییەی دەرچواند.

**د. ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ٢١٧ لە ٢٠٢٤/٣/٧**

**بڕیاری ساڵی ٢٠٢٤**

ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (١٩ لە ٢٠٢٤/٢/٢٩ ). وە نووســـراوی ســـەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر بەژمارە (٨٩٧/٢٨/٢ لە ٢٠٢٤/٢/٥ ) لە بەر بەرژەوەندی گشتی و پشت بە حوکمی مادده /١٤/ – چوارەم لە یاسای دە سەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧ ) بڕیارماندا بە :

١-کردنەوەی (استحداث) دادگا لە ناحیەی (شۆرش) بە ناوی دادگای بەرایی شۆرش .
٢-ئەم دادگایە سەر بە سە رۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هە ولێر دە بێت .
٣-ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردســـتان) بڵاو دەکرێتەوە .

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٩٦٢٣ لە ٢٠٢٤/٤/٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، و بەپێی یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، و ئاماژە بەهەردوو فەرمانی هە رێمی ژمارە (٣٨٠) لە ٢٠٢٣/١٠/٣١ و (٢٨) لە ٢٠٢٤/٢/٥ و هەر دوو فەرمانی سەرۆک وەزیران ژمارە (٥٦٦٠)لە ٢٠٢٣/١٢/١٤ و (١٣١٦) لە ١٩ /٢٠٢٤/٣ و دوابەدوای هەردوو نووسراوامان ژمارە (٢٢٩٢٥) لە ٢٠٢٣/٨/١٦ و (٣٦٣٧٧) لە ٢٠٢٣/١٢/٢٤و لە بەر بەرژەوەندی گشتی بڕیاردرا بە:-

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هێنانە کایە و ترازاندنی چەند ناحیە و گوندێک لە سنووری پارێزگای هەولێر**

**یەکەم** :- هێنانە کایە ناحیەی (**کۆڕی**) و بەستنەوەی بە قەزای پیرمام لە سنووری پارێزگای هەولێر .

**دووەم** : هێنانەکایەی ناحیەی (**بەستۆڕە**) و بەستنەوەی بەقەزای پیرمام لە سنووری پارێزگای هەولێر.

**سێیەم** :- هێنانەکایەی ناحیەی (**بناری سەفین**) و بەستنەوەی بە قەزای پیرمام و ترازاندنی گوندەکانی (قەڵاسنجی سەروو ، قەڵاسنجی خواروو ،عالاوە ،خۆران ، سارتکە ،قیرژە ، حاجی احمد ، سۆرەبان ، ونکە) لەناحیەی هیران سەر بە قەزای شەقڵاوە و لکاندنیان بەناحیەی بناری سەفین /قەزای پیرمام .

**چوارەم** :- ترازاندنی ناحیەی (دارە شەکران) بە گوندەکانییەوە لە قەزای (خەبات) و لکاندنیان بە قەزای (پیرمام)

**پێنجەم** :- هێنانەکایەی ناحیەی (**بێستانە** ) کە ناوەندەکەی گوندی (بێستانەی گەورە) یە و بەستنەوەی بە قەزای بنەسڵاوە .

**شەشەم** :- ترازاندنی هە ردوو گوندی (**شێوە پیران ، ڕەسول بچکۆل**) لە ناحیەی شۆڕش / قەزای کۆیە و لکاندنیان بە ناحیەی بێستانە .

**حەوتەم** :- ترازاندنی گوندەکانی (**کانی بزرە ، رولکە ، هەیتە کوژە ، شاقازی ، حەسەن موتریب ، سۆفی برایم ، پونگینە ، میرەکان خدر ، چالە گردەرە ، ئازیانە ، قەشقە، خوڕخوڕ ، دوشیوان ، پەلکانە**) لە قەزای قوشتەپە و لکاندنیان بە ناحیەی بێستانە /قەزای بنەسڵاوە .

**هەشتەم** :- ترازاندنی گوندکانی (**بێستانەی گەورە ، سەرمەزرا ، بێستانە بچووک ، ئومەرە سۆر**) لە ناحیەی دارتوو / قەزای بنەسڵاوە و لکاندنیان بە ناحیەی بێستانە/ قەزای بنەسڵاوە .

**نۆیەم** :- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی نووسراوی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسینگەی سەرۆک وەزیران کاری پێدەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان .

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**